# دنیای منداڵان

١٣٧

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی**
**ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

**پەیوەندی:**
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com



## وتەی ئەمجارەمان

هەورین و هەندەرێن دانیشتبوون و چاویان لە کارتۆن دەکرد.
کارتۆنەکە مشک و پشیلە بوو. تام بە تفەنگەوە وەدوای جێری کەوتبوو، بەڵام نەیدەگرتەوە.
هەورین گوتی بیگۆڕە، ئەوەم ١٠٠ جاریش دیوە. هەندەرێن چووە کەناڵێکی دی. کارتۆنی مەڕەکان بوو. سەگەکە ددانی دیشاو بەرخە بزۆزو ناجسنەکە دەیویست بۆی بکێشێ، هەورین گوتی لای بە، تا ئێستا سەد جاری ئەوە داوە. دوایە کەناڵەکەیان گۆڕی، بەڵام هەموو بەرنامەکان دووپاتەو چەند پاتە بوون.
هەندەرێن بە هەورینی گوت ئێستا چ بکەین، ئەمن زۆر وەڕەزم. هەورین گوتی دەڵێی چی بچین لای بابە گەورەو پێی بڵێین حەقایەتێکمان بۆ بگێڕێتەوە. هەندەرێن گوتی با بچین.
کاتێ چوونە ژووری بابەگەورە دیتیان بابەگەورە خۆی ساز کردووەو دەیەوێ بچێتە دەرێ. گوتیان بابەگەورە ئەوە بۆ کوێ؟
بابە گەورە گوتی دوای ئەو بارانە باشەی باریوە ئێستا هەوای دەرێ زۆر خۆشە، دەچمە باخچە، ئەدی ئێوە بۆ لەگەڵم نایەن، ئەمنیش لەوێ حەقایەتتان بۆ دەگێڕمەوە.
هەورین و هەندەرێن چاوێکیان لە یەکتر کردو دەستیان کرد بە پێکەنین. دوایە چوونە ئەملاو ئەولای بابە گەورەیان و گوتیان با بڕۆین.
بابەگەورە گوتی با بڕۆین، بەڵام نەتانگوت کە ئەوە بە چی پێدەکەنن؟
هەورین و هەندەرێن گوتیان هیچ، هەر لە خۆڕا، ئیدی نەیانگوت ئەوە سوێیان بۆ حەقایەتێکی ئەو دەبێتەوە.
هەورین گوتی بابە گەورە دەتوانم سەگە چکۆلەکەشم لەگەڵ خۆم بێنم؟
بابە گەورە گوتی قەیدی نیە، ئەویش بێنە....
ئەو دوانیوەڕۆیە باخچە بۆ هەورین و هەندەرێن زۆر زۆر خۆش بوو...




مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە «مەلا ئاوارە» گەورە پیاوێکی مێژووی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

مەلا ئاوارە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی «١٩٣٤ی زایینی» لە گوندی شەڵماش لە ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی شورشگێرو نیشتمانپەروەردا لە دایک بووە.

مەلا ئاوارە لە تەمەنی منداڵی لەلای باوکی دەست دەکا بە خوێندنی دەرسی ئایینیو، دوای ماوەیەک بۆ درێژەدان بە خویندنی دەرسەکەی لە گوندەکەی خۆیان دەڕواو سەردانی زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستان دەکا.

مەلا ئاوارە هەر لەو گەشتانەیدا لە نیزیکەوە چاوی بە ژیانی خەڵکی هەژارو فەقیرو ژێردەستەی خەڵکی کوردستان دەکەوێو هەر لەو سەردەمەشدا دەست بە کارو تێکۆشانی سیاسی دەکا و دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

مەلا ئاوارە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی بە هۆی کارو چالاکییەکانی ئاشکرا دەبێو لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتی‌یەوە دەخرێتە ژێرچاوەدێری. هەر بەو هۆیەوە ماوەیەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێدەهێڵێو ڕوو دەکاتە باشووری کوردستانو دواتر لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی حیزب دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دەست  بە کاروباری سیاسی دەکاتەوە.

مەلا ئاوارە لەو کاتەدا نەخشێکی بەرچاوی لە هەستانەوەی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ دا بووە، بەڵام دواتر لەلایەن نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی گیراوەو خراوەتە بەندیخانەوە. مەلائاوارە جیا لەوە کە پێشمەرگەو شورشگێر بووەو کاری سیاسی کردوە، شاعیرێکی بە تواناش بووەو زۆربەی شێعرەکانیشی سیاسی بوونو بۆ خاکو نیشتمانی هۆنیونەتەوە. مەلا ئاوارە  ڕۆژی ١١ خەرمانانی ١٣٤٧ لە شاری سەردەشت بە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی لە سێدارە درا. ڕووحی شادو ڕێگەی پڕ ڕێبوار.

**ئا.شیلان**

# ئەوینو پەتاتەو تەماتە



ئەوین لە قوتابخانەوە هاتبۆوە ماڵێ. ئەو زۆری برسی بوو. کاتی نان خواردنی نیوەڕۆش گەیشتبوویە. کاتێک ئەوین چووە سەر سفرەی نان خواردن دیتی دایکی پەتاتەو تەماتەی لێناوە. ئەوین نێوچاوانی تێکناو گوتی:

ئەمن نایخۆم، ئەوە چیە لێت ناوە، ئەمە خواردنێکی ناخۆشەو نایخۆم.

براکەی ئەوین کە لەلای ئەوینەوە دانیشتبوو گوتی:

ئەوین گیان تۆ هەموو جارێ هەر وادەڵێی، تۆ جارێک بیخۆ، ئەگەر ناخۆش بوو ئیدی مەیخۆ.

ئەوین نانەکەی خواردو پێی سەیر بوو کە بۆ تا ئێستا ئەو خواردنە خۆشەی نەخواردوە. پاشان براکەی گوتی وەرە با هەندێک قسەشت بۆ بکەم.

دوایە گوتی:

ئەوین گیان ئێمە نابێ هیچ کات بە خواردنەکان بڵێین خراپو ناخۆش. هەموو جۆرە خواردنێک باشیو سوودی خۆیان هەیە. جیا لەوە هەندێک ماڵ هەیە کە ئەم ژەمە خواردنەشیان بە دژواری دەست دەکەوێو ئێمە نابێ قەد ناشکوری بکەینو لەسەر خواردنەکان لاساری بکەین. ئەوین گیان ئێستا ئەم خواردنەی کە تۆ خواردت، دەزانی چەند بەسوودن؟ ئەوین گووتی نا نازانم.

براکەی گوتی: پەتاتە و تەماتە پڕن لە چەند جۆری ڤیتامینو کەلسیوم و زۆر شتی باشی دیکە.

منداڵە ئازیزەکان:

ئەوین لەو ڕۆژەوە بڕیاری داوە کە بە هیچ خواردنێکی سەر سفرەی ماڵیان نەڵێ ناخۆشو سپاسی دایک و بابیشی بکا کە بۆ دەستهێنانی بژیوی ماڵو ساز کردنی خواردنەکان، زەحمەت دەکێشن.

ئازاد عەباسیان

# ددانی کەروێشک

کەروێشکێکی ئازاو ژیر لە نێو دارستانێکی جوانو سەرسەوزدا لەگەڵ چەندین ئاژەڵی دیکە دەژیان، ئەوان هەموویان پێکەوە هاوڕێ بوونو هەرکات یەکێک لە ئاژەڵەکان گرفتێکی بۆ هاتبا پێش، هەموویان هاوکارییان دەکرد.

کەروێشکە بچکۆلەکەی چیرۆکەکەی ئێمە زۆری گێزەر پێخوش بوو. ئەو گێزەرێکی زۆری کۆ دەکردنەوەو لە ژێر باڵەنجەکەی دەیشاردنەوە، پاشان هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستا، گێزەرێکی دەردێناو خرم خرم دەیخوارد.

بەیانییەک کە لە خەو هەستا، گێزەرێکی دەست دایەو قەپاڵێکی لێ‌دا، بەڵام لە ناکاو ددانی وەژان کەوت، چووە بەر ئاوێنەو چاوی لە ددانی کرد، دیتی ددانی دەلەقێ.

کەروێشکە بچکۆلە کە زۆر ترسا. لە ماڵێ هاتە دەرێ تا بچێتە لای پزیشکی دارستانەکە، کە بزنێکی پیر بوو.

کەروێشکە، گەیشتە لای ماڵی بزنەکە لە دەرگای دا، مام بزن دەرگای کردەوەو کەوێشکە چووە ژووریو گوتی ددانم زۆر دێشێو دەمەوێ دەریبێنم. بزنەکە چوو تا کەرەستەکانی ددان کێشان بێنێو، کاتێک کەروێشک چاوی بە گازو چەکوچ کەوت زۆر ترساو لە ماڵی دوکتور بزنە هاتە دەرێ.

کەروێشک بە نێو دارستان‌دا دەهاتو دەچوو تا گەیشتە لای فیلێک، لە لای فیلەکە ڕاوەستاو باسی ئازاری ددانی بۆ کرد.

فیلەکەش گوتی ئەمن دەتوانم ددانت بۆ دەربێنم.

فیلەکە چوو بەنێکی درێژی هێنا، سەرێکی بەنەکەی لە ددانی کەروێشک گرێ‌داو سەرەکەی دیکەشی لە دەرگای ماڵەکەی گرێ‌دا، کەروێشکەکە زۆر



ترساو گوتی ئەمن ناوێرم بەم جۆره ددانم بکێشمو به ڕاکردن له فیلەکه دوورکەوتەوه.

کەروێشکەکه زۆر نارەحەت بوو کەمێکی دیکه ڕۆیشت گەیشته سەر تاشه بەردێکی گەورەو لەسەری دانیشت، چاوێکی لەو گێزەره کرد که له دەستی دابوو قەپاڵێکی لێ‌داو، له پڕ دیتی ددانەکەی لەگەڵ هاتۆته دەر، ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو که ددانی کەوتوەو ئازاری نەماوه. ئەوەشی دەزانی که ددانێکی جوان له جێی ددانەکەی پێشووی دێتەوه. ئیدی دوایه به ئاسوودەیی ڕۆیشت تا لەگەڵ هاوڕێکانی یاری بکا.

و: پەیام مەمەندی

# خوێندن بە کوردی




من منداڵێکی کوردم
زۆر خنجیلانە و وردم

دەڕۆم بۆ قوتابخانە
چرای رێگای ژیانە

دەخوێنم بە زمانی خۆم
لە کەرکووکی شاری خۆم

نووسراوە بە زمانی کوردی
کە دارا دوو داری دی

هیچ بیرکردنەوەی ناوێ
فێر دەبم بە یەک تاوێ

هەزار سوپاس بۆ یەزدان
بوو بە کوردی خوێندنمان



منداڵینە ئەو پشیلەیە رەنگ بکەن، مشکەکەشتان لە بیر نەچێ



# بۆ گەورەکان کە زۆر شاد دەبن دەگرین؟



منداڵان زۆرجار دەبینن کە دایکو باوکیانو گەورەکان کە زۆر شادو کەیف خۆش دەبن، فرمێسک لە چاویان قەتیس دەبیو تەنانەت دەگرین. منداڵان ئەوەیان بۆ دەبیتە پرسیار.

بە منداڵەکەتان بڵێن کاتێ منداڵان کەیف خۆش دەبنو شتێک یان ڕووداوێک شادیان دەکا، ئەوان وە تەقڵەو سەما دەکەونو دەکەونە هەڵبەز دابەز، بەڵام هەستی خۆشی دەربڕینی گەورەکان ئاڵۆزترەو لەوانەیە کاتێ کە زۆر زۆر شادو کەیف خۆش بن، لە خۆشییان بگرینو فرمێسکیان لە چاو بێتە خوارێ.

ئەوەی گەورەکان دەبێ بیزانن ئەوەیە کە منداڵان وەک گەورەکان نین کە ڕەهەندێکی بەربڵاویان بۆ دەربڕینی هەستەکانیان هەبێ، هەر بۆیە لەوانەیە سەریان لەوە سووڕ بمێنێ کە چۆن کەسێک لە خۆشییان دەبێ بگری. بۆیە ئەوان دەبێ هانی منداڵەکان بدەن کە بتوانن لە هەستەکانی خۆیان بدوێنو قسەیان لەسەر بکەن.

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

کاوە ئاهەنگەری

چۆنیەتیی بە کار هێنانی «ئامرازی پەیوەندی» بۆ کات لە زمانی ئینگلیسیدا
لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینین کە چۆن و لە کوێ و بۆ چی In و On و At
بە کار بێنین.

| Prepositions of Time | |
|---|---|
| in | • the morning<br>• the evening<br>• February<br>• (the) spring<br>• 2013<br>• a few minutes |
| on | • Monday<br>• Tuesday morning<br>• Wednesday evening<br>• weekdays<br>• time<br>• the weekend (U.S.) |
| at | • 10:30 pm<br>• the end of class<br>• the weekend (U.K.) |

# چیرۆکی نارینو پەڵە هەورەکە

نارین کچێکی خوێن شیرینو لەبەر دڵان بوو، ئەو زۆری حەز لە کایە بوو.
لە رۆژێکی ساردی زستاندا کە نارین دەیویست لەگەڵ هاورێکانیدا بچێتە کۆلانو یاری بکەن، پەڵە هەورێکی رەشی بە ئاسمانەوە بینی. نارین بەوە خەم دایگرت. پێی وابوو باران دەبارێو ئەو ناتوانێ لەگەڵ هاورێکانیدا یاری بکا.
هەر بۆیە رووی کردە دایکیو گوتی: ئەمن هیچ دڵم بەو هەورە خۆش نیە، دایکی بە پێکەنینەوە ماچی کردو گوتی: بۆچی کچە جوانەکەم؟ خەڵک بە هاتنی هەورو باران دڵیان خۆش دەبێ، لەبەر ئەوەی باران دەبێتە هۆی سەوز بوونی دەشتو چیاکانو دەبێ تۆش ئەوەت پی خۆش بێ.
نارین گوتی دایە گیان ئاخر کێ دڵی بە باران خۆشە، هەر کە دەبارێ ئیدی منداڵان ناتوانن بچنە کۆلانو کایە بکەن، چونکە باران تەریان دەکاو نەخۆش دەکەن. ئەوەش هەمووی خەتای ئەو هەورەیە.
دایکی گوتی: نارین گیان ئەو هەورانە زۆر ماندوون، ئەوان رێگایەکی زۆریان بڕیوە تا ئەو خێرو بەرەکەتە بۆ کوردستان بێننو بە باران نیشمانەکەمان جوان بکەن. ئەدی بۆ خۆت چەند قسەیەکی لەگەڵ ناکەی؟
نارین لە پەڵە هەورەکەی پرسی ئەرێ تۆ چیو چۆن دروست بووی؟
پەڵە هەورەکە گوتی: نارین گیان دەزانی ئاوی سەرزەوی دەبێتە هۆی ژیان بۆ تۆو هەموو هاورێکانت؟! کاتێک هەتاو دەردەکەوێو گەرمایی بەسەر دەریاو زەریاکان دا بڵاو دەبێتەوە، ئەمن سەرەتا دەبم بە هەڵمو وردە وردە بەرز دەبمەوەو بەرەو ئاسمان دەڕۆمو لەوێ تووشی چینە ساردەکانی هەوا دەبمو رەنگم سپی دەبێو دەبم بە هەور.
نارین گوتی: ئەدی چۆن لەو دەریا دوور دوورانەڕا گەیشتییە وڵاتەکەمان؟
پەڵە هەوری میهرەبان لە جوابدا گوتی: با بە ئارەزووی خۆی بەو لاو ئەولادا



دەمگێڕێ، تا دەگەمە لای ئێوە، لێرەش بە هۆی سەرما رەش هەڵدەگەڕێمو بە شێوەی بارانو ئاوێکی سازگار دەبارێمو کێڵگەو زەوییە تینووەکان تێر ئاو دەکەم. هەروەها دارو گژوگیایەکانتان بۆ ئاو دەدەم تا ئێوەش لە بەرو بوومی بخۆن. بەڵێ نارین گیان ئەوە چیرۆکی ژیانی منە، بۆیە خەڵک بە هاتنم دڵخۆش دەبنو ئەگەر لە کاتی پێویستدا نەبارێم لێم دڵگیر دەبن.

نارین بە بیستنی ئەو چیرۆکە لە تووڕە بوونی خۆی پەشیمان بۆوەو داوای لێبوردنی لە پەڵە هەوری میهرەبان کردو بڕیاری دا هەر کات پەڵە هەوری بینی بەرەو کوردستان دێ، وێڕای خەڵکی دیکە دڵخۆش بێ.

دارشتنەوەی: مینا




# ئەرێ دەزانن؟



- لە سەدا ١١ی خەڵکی جیهان چەپ دەستن؟



- چاوی وشتر مەل لە مێشکی گەورەترە؟

- زۆربەی ئەو ژانە سەرە ئاساییانە کە مرۆڤ ڕۆژانە تووشی دەبێ هی کەم خواردنەوەی ئاوە؟



- مانگا کاتێک گوێی لە مۆسیقا دەبێ، زیاتر شیر دەدا.



# بۆچی ئاسمان شینه؟

## پرسیاری منداڵانو وەڵامی گەورەکان



چوونەتە سەیرانو لەگەڵ منداڵەکەتان خەریکن کایە دەکەن. لە پڕ منداڵەکەت ڕووت تێ دەکا: ئەری بابە ئاسمان بۆ شینە؟

بە منداڵەکەتان بڵێن کە تیشکی خۆر لە کۆمەڵێک ڕەنگی جۆراوجۆر پێک هاتوە، ئەوەی ئێمە کاتی دوای باران بە کۆلکەزێرینەش دەیبینین. بەڵام کاتێک کە تیشکی خۆر لە گەردیلەکانی هەوا دەکەوێ، ئێمە تەنیا ڕەنگە شینەکەمان بەرچاو دەکەوێ.

ئەوەی گەورەکان دەبێ بیزانن ئەوەیە کە ئەگەر منداڵەکەیان پرسیارێکی ئاوای کرد، دەبێ خۆیان بۆ پرسیارە زانستییەکانی دیکەشی ئامادە بکەن. بۆ ئەوەش کە منداڵەکەیان هۆگری ئەو بابەتانە بێ کە بۆی پرسیارە، واباشە بۆ وەڵامدانەوەی لە کەرەستەکانی فێرکاری کەلک وەربگرن.

منداڵی دوێنێ

پیرۆزبایی دنیای منداڵان لە کیان خانزادی



کیان خانزادی
ڕێکەوتی لەدایکبوون ١٣٨٦/٨/٨



# چیرۆکی سەربەستی

گوڵە باخێک گوتی بۆ ئەوەی
ئێوە هەست بە جوانیی سروشتو
دیمەنە جوانەکانی بکەن، بۆ ئەوەی
چاوەکانمان بە جوانیی سروشت
ڕوون بێتەوە، نابێ گوڵی نێو
باخچەکان بقرتێنن، نابێ دوای
بۆنکردنیش فرێیان دەنو بیانژاکێنن.
دەزانن بۆ؟ چونکە گوڵ ناسکەو بە
سەربە ستی دەگەشێتەو بۆن خۆشتر
دەبێو بولبولیش پێی خۆش دەبێ.
وەنەوشەش ڕووی کردە بولبولو
گوتی: منیش قەفەس لە لام قێزەونەو
زۆرم ڕق لێیەتی. ئای کە نازانن
چەندەم حەز لە کەشو هەوای
سەربەستەو پێم خۆشە بە ئازادی لەم
چڵ بۆ ئەو چڵ بفڕی.

نارین کەنکاش

# خەوی نیوەڕۆیان باشە یان خراپ؟



زۆربەی منداڵان کە بەیانییان لە خەو هەڵدەستن، ئیدی داناکەون. دەچنە قوتابخانە و لە قوتابخانەش دەگەڕێنەوەو دەرسو دەوریان تەواو دەبێ، پێیان خۆشە گەمەی بکەنو هەر لە جموجۆڵ دا بن، بەڵام پێویستە نیوەڕۆیان سەرخەوێک بشکێنن.

زانایان دەڵێن کە زۆر گرینگە مرۆڤ، بە تایبەت منداڵان دوای نانی نیوەڕۆ بۆ ماوی ٢٠ تا ٤٠ خولەک بخەوێ.

ئەو زانایانە دەڵێن کە ئەو کورتە خەوە بۆ نوێکردنەوەی چالاکیی لەشو سڕینەوەی ئاسەواری ماندوویی‌و گرژی پێویستە.

با ئەوەشتان پێ بڵێم کە زۆر لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان وەک ناپیلئۆن بناپارت، ژاک شیراک، وینستەن چەرچیلو ئەنیشتاین بەردەوامو ئەوەندەی پێیان کراوە، نیوەڕۆیان سەرخەوێکیان شکاندوە.

چ بوو، چیتان لێهات؟ چوون سەر خەوێک بشکێنن؟ ئەی ئافەرین...

# چیرۆکی دڵۆپە باران

کاتێک هێشتا منداڵ بوو، ترسی چوونە ئاسمانو جیا بوونەوەی لە زەریای، بە دایم لەگەڵ خۆی بەنێو زەریاکاندا دەگێڕا.
منداڵ بوو، تەمەنی هێشتا ئەوەندە نەبوو بزانێ ئەو گەشتەی ئەو چەند بەسودەو چ شت گەلێکی باشیش فێر دەبێ. هەتاو هەمیشە ئەو کەسانەی هەڵدەبژارد کە توانای باشیان هەبوو لە پێگەیاندنو تێگەیشتنی شتەکانی دەورووبەری خۆیان. ئەوجاریش دوای ماوەیەکی زۆر پۆلێکی باشی هەڵبژارد بوو کە لەگەڵ خۆیان بیانبا بۆ گەشتێکی ئاسمانی و لەوێشڕا دنیای ژێر پێی خۆیان پیشان بدا. ئەو زۆر دەگەڕا تاکوو باشترینەکان بدۆزێتەوە بۆیە ئەوجارەش ماندوو ببوو. هەورەکانیش بە دایمە بۆڵە بۆڵیان بوو کە بۆچی دەبێ ئاوا بە درەنگ درەنگەوە وەڵامی ئەوان بداتەوەو بۆ هەر دەبێ باشترینەکان هەڵبژێرێ، نەیان دەزانی کە داهاتووی هەورەکانو خۆشەویستی هەورەکان بەو هەڵبژاردە باشانەوەیە.
لە ڕۆژێکی پاییزی داو لە ساتەکانی نیوەڕۆ، کاتێک هەتاو خەریکی گەڕان بۆ دڵۆپە ئاوێکی نێو زەریا بوو، لە ناکاو چاوی بە دڵۆپەیەکی جوان و پێگەیشتوو کەوت.
دڵۆپە ئاوەکە هەر دەچووە ژێر ئاوەکەو خۆی دەشاردەوە. بەڵام هەتاو دیتیو دوای وەدواکەوتنی بۆ ژێر ئاو دەستی گرت و هێنایە سەر ئاوەکە.
دڵۆپە ئاوەکە دڵی پڕ بوو دەگریا و دەیگوت:
_ هەتاو خانم، ئەو جار لێم گەڕێ جارێکی دیکە لەگەڵت دێم، ئاخر من هێشتا منداڵمو ناتوانم لە زەریا جیا ببمەوە.
هەتاو برێک پێکەنیو بە پێکەنەوە گوتی:
_ ها بچکۆل بۆ دەترسێی؟! وەرە لەگەڵم دەتبەمە جێگا خۆشەکانی دنیاو لەو بەرزاییە زۆر جێگەت پێشان دەدەم، لەو سەفەرە هاوڕێی باش باشیش پەیدا دەکەیو گەشتێکی خۆش دەکەی.
دڵۆپە ئاوەکە هەر دەگریاو دەیگوت:
_ نا من خۆ هێشتا بچووکم و ناتوانم لە زەریا جیا ببمەوە، ئەو جار لێم گەڕێ جارێکی دیکە خۆم لەگەڵت دێم...
هەتاو چاوێکی لە هەورەکان کردو بینی ئەوانیش خەریکن تووڕە دەبن بۆیە پێی گوتن پەلە مەکەن تاکوو خۆم قسە لەگەڵ دڵۆپە بچکۆلەکە دەکەمو ڕازی دەکەم.
پاشان  ڕووی لە دڵۆپە ئاوەکە کرد و بە بزەوە پێی گوت:

_ من بەلێنت پی دەدەم ئەگەر تۆ لەو گەشتەدا نارِەحەت بووی یان پێت ناخۆش بوو، ئەوە دەتگەرێنمەوە نێو زەریا، پێت چۆنە؟ باشە؟!

_ باشە، دێم بەڵام خۆت بەڵێنت دامێ دا ئەگەر ناخۆش بوو یان ناراحەت بوومو پێم ناخۆش بوو ئەوە بمگەرِێنیەوە نێو زەریا باشە؟!

ئەوجار هەتاو بەڵێنی خۆی بۆ دوبارە کردەوە و دەستی دڵۆپە ئاوەکەی گرت و بردیە ئاسمان. دڵۆپە ئاوەکە کە گەیشتە ئاسمان و هاورێکانی دی، دەستی خستە نێو دەستی ئەوانو دەستیان کرد بە سەماو گۆرانی. بایەکیش خەریک بوو دەهات و ئەوانی سارد سارد دەکرد. دڵۆپە ئاوەکە زۆری سەرما بوو، بۆیە بە هاورِێکانی گوت چ بکەین تاکوو گەرممان بێتەوە. ئەوانیش برِێک بیریان کردەوە و ئەوجار دەستیان کرد بە هەڵپەرِین هێند هەڵپەرِین تاکوو گەرم گەرم بوونو جار جارەش پێکەنینەکانیان دەبوە هەورە تریشقەو لە ئاسمان بروسکەیان بە زەوی دادەدا و دەیان گوت:

_ ئێمە هەموو ئاواڵین پێکەوە لەسەر ئاسمانی شارین.

کەچی دیسان دڵۆپە ئاوەکە دیسان سەرمای بوو. ئاخر ئێستا ئەوان ببوون بە هەورێکی رەشو لەسەر ئاسمان دەگەرِان، بۆیەش دڵۆپە ئاوەکە چاوێکی لە هەتاو کرد و پێی گوت:

_ من دەم هەوێ بگەرِیمەوە نێو زەریا ئاخر ئێرە زۆر ساردە.

هەتاویش بەڵێنیەکەی خۆی بەجێ گەیاند و دڵۆپە ئاوەکەی کردە دڵۆپە بارانو دیسان بەری دایەوە سەر زەوی. لەسەر زەوی دڵۆپە بارانەکە کە ئێستا گەورەش ببوو ناویشی گۆرِابوو، لەگەڵ هاورِێکانی دەستیان خستە نێو دەستی یەکترو لەسەر زەوی بەرەو زەریا وەرِێ کەوتن. لە رِێگادا هەندێک لە هاورِێکانی دڵۆپە باران دڵیان خۆش بوو بەو شوێنانەو بە دار و گیا سەوزانەی لەسەر زەوی هەبوون بۆیە لەو شوێنانەی کە پێیان خۆش بوو مانەوە، بەڵام دڵۆپە باران هەر دەهاتو هەر دەهات تاکوو گەیشتە لیوارەکانی رِووبار، ئەوجارە لەگەڵ هاورێ تازەکانی نێو رووبار یەکیان گرتو بەرو زەریا وەرِێ کەوتن. کاتێک دڵۆپە بارانەکە گەیشتەوە زەریا سپاسی هەتاوی کرد و ئیتر لەو کاتەوە هەموو ساڵێ جارێک سەفەری ئاوا دەکاو هەر جارەش دەچتە شوێنێکی خۆش لە سەر ئەو زەوییە.

هەتاویش هەموو جاری بەڵێنەکەی خۆی دەباتە سەرێو ئەو دڵۆپانەی کە هاورێی دڵۆپە بارانن و ئێستا لەویش بچووکترن هەموو جارێ دەباتە ئاسمانو لەسەر داوای خۆیان دەیان هێنێتەوە نێو زەریا.

نێعمەت مەلا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین:

**گێلاس**

مامۆستا: بڵێ بزانم ئەگەر گێلاس کیلۆی بە ١٠٠٠ تمەن بێ‌و ئێمە بمانەوێ سێ کیلۆو نیو بکڕین، دەبێ چەندە بە کابرا بدەین؟

قوتابی: مامۆستا تۆ جارێ پێم بڵێ لە کوێ گێلاس کیلۆی بە ١٠٠٠ تمەن دەفرۆشن، تا من دوایە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.



**مامۆستای جوغرافیا**

دوکتور: کاکی نەخۆش کوێت دێشێ؟

مامۆستای جوغرافیا: لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەلەکەی ڕاستمەوە بستێک بچۆ سەرێ‌و دوایە بسووڕێ بۆ لای خۆراوای باکووری شانی چەپم. ئەوێم دێشێ.



**بولبول**

_ ئەرێ کاکە ئەو پشیلەیەتان ئەو هەراهەرایە چ بوو دۆینێ شەو نابوویەوە، خۆ نەیهێشت تاوێک بخەوین.

– قوربان چیت عەزر کەم، چووبوو بولبولەکەی ئێوەی خواردبوو، دوایەش پێی وابوو دەنگی بەوە خۆش دەبێ.

# فێرگەی نەقاشی





رێژنە نستانی



مەتین مەمەندی



کیان خانزادی



بیتا خالەق



فەرزین ئەحمەدی



پێشرەو موساپوور



سانا حاجیڕەحیمی



سارۆ جەزایرچی



زیلان خالەق



شانیا سۆهرابی



شێوە رەسوڵ



رۆڤیا عەباسییان



سارا رەنگینە کەمان



بەهەشت عەلی فەقێ



میر سەرخێڵ عوسمان



دیار حەقبین



سێوەر شەرەفی



وەنەوشە کارساز


دنیای مدلان
Child's World